ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
48
25 ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر 2022

## کۆبوونەوەی حزبەکان!



**موحسین کەریم**

دوای ئەوەی بافڵ تاڵەبانی لە شەراکەتی دەسەڵاتی لەگەڵ پارتیدا بەهۆی فشارەکانی پارتیەوە بۆ پەڕوباڵکردنی یەکێتی و تەسلیمکردنی بەتەواوەتی بە باڵادەستی پارتی بەسەر دەسەلاتی سیاسی کوردستاندا، نائومێد مایەوەو قوبادی برای وەکو جێگری مەسرور بارزانی ئامادەی کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران نەبوو، هەروەها دوای ئەوەی دادگای پارتی بڕیاری دەستگیرکردنی بافڵ و قوبادی دەرکرد، بە تاوانبارکردنیان بەتێوەگلان لە تیرۆری ئەندامێکی باڵای دەزگای زانیاری کە چووبوە لای پارتی، و دوای ئەوەی بارودۆخی سیاسی و ئابوری و ئەمنی سلێمانی بەتەواوی تووشی شپرزەیی و لێکترازان چووە، بەکردەوە و بەدانپێنانی خودی قوباد و بافڵ تاڵەبانی، هەرێم بەواقعی بووە بە دوو ئیدارەو یەکێتی بەدەست ئیدارەدانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بەو هەموو کێشەو گرفتانەوە گیرۆدە بووە، ڕێگایەکی بۆنەماوەتە لەبەرامبەر پارتیدا، یان دەبێ تەسلیمی بێت، یان دەبێ بەرەنگاری بێتەوەو ڕێگای خۆی لەگەڵ پارتی لە دەسەڵاتی هەرێمدا جیابکاتەوە، بەرەسمی دوو ئیدارەیی ڕابگەیەنن و بەشێوەی رەسمی و یاسایی شتێک لە حکومەتی هەرێم، کە لەڕاستیدا تەنها کاریکاتۆرێکی حکومەتی هاوبەشی هەرێم بوو، نەمێنێ. ڕاستەوخۆ ناوچەکانی ژێر

بۆ لاپەڕە ٢



## پەیامێک بۆ وەزیرو وەزارەتی داد سەبارەت بە دادگاییکردنی مێردمنداڵ!

**عوسمانی حاجی مارف**

بۆ لاپەڕە ٣



## کۆماری ئیسلامی ئێران و قۆناغێکی تازە لەسەرکوتگەری!

**خەسرەو سایە**

بۆ لاپەڕە ٤



## جمهوری ئیسلامی و هاوچارەنوسەکانی پێکەوە دەڕۆن!

**ڕێبوار ئەحمەد**

بۆ لاپەڕە ٧



## هێرش بۆ سەر ئۆپۆزیسیۆن ڕژێمی ئێران لەزەبری ڕاپەرینی جەماوەری ڕزگار ناکات!

**عبدللە محمود**

بۆ لاپەڕە ٨

## گەڕانەوەی سوپای عێراق بۆ ناوچە سنوریەکانی هەرێم!

**موحسین کەریم**........ لاپەڕە ٩

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی...... کۆبوونەوەی دوکان!

نفوز و دەسەڵاتی یەکێتی بە دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیەوە گرێ بدرێتەوە.

ئەم سیاسەتە لە ئێستادا، کە پرۆژەی ئابوری سەربەخۆ و سەربەخۆیی سیاسی دەسەڵاتداریتی ناسیۆنالیزمی کورد بەهۆی روداوەکانی دوای ١٦ ی ئۆکتۆبەرو گۆڕانکاریە سیاسیەکانی جیهان و ناوچەکەوە کە کاریگەرییان لەسەر ئاراستەی ئایندە سیاسی عێراق داناوە، تووشی شکست و بنبەست بووەو کۆتایی هاتوە، بەناچاری ئایندەی سیاسی و دەسەڵاتی کوردستانی بەستوتەوە بە دەسەڵاتی سیاسی لە ناوەند و هەموو بنەماکانی دەسەڵاتی هاوبەشی ئەو دوو حزبەی لەئێستادا لەنێوبردوە. پارتی کە خۆی وەکو هێزێکی خاوەن پێگەی سیاسی و ئابوری دەزانێ، خۆی وەکو نوێنەری بزوتنەوەی کوردایەتی و بۆرژوازی کورد لەپەیوەند بەهەر ئەگەرێکی سیاسی لە ئایندەی کوردستان و عێراقدا دەناسێنێ. یەکێتی نیشتمانی لە پێگەیەکی لاوازو خوارتر لە پارتی بەهەرەمەندەوە هەرلەئێستاوە بەشوێن ئەوەدا دەگەڕێ کە پێگەی سیاسی خۆی لە ئایندەی سیاسی عێراقدا زامن بکات. مەیلی گەڕانەوە ڕێکەوتن لەگەڵ بەغدا سەبارەت بە پرسە سیاسی و ئابوریەکان و مەسەلەی چاکسازی لەژیان و گوزەرانی خەڵکدا کە سەرانی یەکێتی بانگەشەی بۆدەکەن، لەلایەن یەکێتیەوە وەکو ڕێگاچارەیەکی پێشوەختە بۆ ئەو لاسەنگەیەی لەبەرامبەر پارتیدا تەماشادەکرێت.

بەڵام کۆکردنەوەی سەرانی حزبەکانی کوردایەتی بە ئیسلامی و ناسیۆنالیستیەوە لەلایەن بافڵ تاڵەبانیەوە، بەبێ بەشداربوونی پارتی، بۆئەوەیە کە ڕایەکی گشتی سیاسی بەرامبەر پارتی دروست بکات، بەتایبەتی کە بەشێکی بەرچاو لەو حزبانە گلەیی و گازەندەیان بەرامبەر بە پارتی و هەوڵەکانی تاکڕەوی پارتی هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان! تا بتوانی لەئەگەری ملنەدانی پارتی بەو پێشنیارە، ئەوا لەسەر ڕێگای گەڕانەوە بۆ بەغدا هاوخەت و ئاراستەیان بکات لەدەوری سیاسەتی یەکێتی! بەڵام ئەوەی کە ئەو حزبانە چەندە بەو پێشنیارە سیاسیەی یەکێتی ڕازی دەبن، ئەگەرێکی دوورە. بەتایبەتی کە لەپرسی دروستکردنی "ئەنجومەنی باڵای سیاسی" هاوشێوەی بەرەی کوردستانیدا کە لەلایەن بافڵ تاڵەبانیەوە پێشنیار کراوە، لایەنەکانی دیکە داوایان کردووە کە پارتیشی تێدابێت! چونکە ئەو ئەنجومەنە کە کارەکەی بریتی دەبێت لە بڕیاردان لەسەر پرس و مەسەلە سیاسیەکانی کوردستان، لەجیاتی حزبەکان، کۆتایی بەو پێگەیە دەهێنێ کە ئێستا پارتی هەیەتی وەکو مەرجەعی سەرەکی بڕیاردانی سیاسی لەسەر ئاستی دەسەڵات و ئایندەی سیاسی کوردستانی عێراق. ئەو حزبانە نایانەوێ بە تەریکخستنەوەی پارتی بەتەواوی بکەونە بەرەی دژ بە پارتیەوە. هەم ئەم سیاسەتەش سەرەنجام بەوە دەگات کە دوو ئیدارەیی لەڕووی سیاسی و یاساییەوە ڕەسمیەتی پێبدرێ و ئاراستەی گەڕانەوەی زۆنی سەوز بۆ لای حکومەتی ناوەندی وەکو دواچارەسەر بخرێتەڕوو! ئەو حزبانەش نایانەوێ مۆری تەئید بدەن لە سیاسەتێک کە ڕەنگە پارتی بە هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێم تاوانباریان بکات! ئەوە بێجگە لەوەی نازانن تاچ رادەیەک بەرژەوەندیەکانی خۆیان لەو گەمە سیاسیەدا مسۆگەر دەبێت.

ئەوەی ئایا یەکێتی نیشتمانی خۆی سەربەخۆ دەچێتە ناو ئەو قوماره سیاسیەوە، ئەوەش گرێیەکی دیکەی بەردەم جێبەجێبوونی ئەم سیاسەتەی یەکێتیە، بەتایبەتی کە ئایندەی دەسەڵاتی سیاسی عێراقیش بەهۆی رووداوە سیاسیەکانی ئێران، کە دەوری ڕاستەوخۆی هەیە لە دۆخی سیاسی عێرقدا، لەئاکامی بەرپابوونی شۆرش لە ئێراندا ئایندەی ڕژێمی ئەو وڵاتەی لەبەردەم نادیاریدا ڕاگرتوە!

★


سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**

مۆبایل:00964(0)7701570050

Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**

00964(0)7701521043

Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**

Mob: 0044(0)7856032991

**ئۆکتۆبەر**

**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

سەرنوسەر : موحسن کەریم

ڤایبەر: 07700475533

مۆبایل:0044(0)7394013135

oct.1917@yahoo.com

ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:

October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

# پەیامێک بۆ وەزیرو وەزارەتی داد سەبارەت  بە دادگاییکردنی مێردمنداڵ!

عوسمان حاجی مارف

لەچەند رۆژی رابردودا، دادگای کەرکوک بڕیاری سزای چوار ساڵ زیندانی بەسەر دوو مێردمنداڵی دانیشتوی کەلاردا سەپاند، لەسەر بنەمای یاسای ساڵی ١٩٦٩ی حکومەتی عێراق بەپێی مادەی ٣٤٢/٢/ یاسای سزادانی عێراقی تایبەت بە سوتاندی موڵک و ماڵی گشتی. لەهەمانکاتدا نارەزایەتیەکی بەرچاو لەبەرامبەر ئەو بڕیارەدا نیشاندرا. ئەم سزادانە بەپاساوی بەشداری ئەو دوو مێردمنداڵە لە نارەزایەتیە جەماوەریەکانی دانیشتوانی کەلاردا و هەروەها بەوەی هەڵساون بە سوتاندنی شوێن و ئۆتۆمبیل و موڵکی گشتی.

ئەوەی حاشاهەڵنەگرە و پێویست بە هیچ لێکدانەوەیەک ناکات، ئەم سزایە راستەوخۆ ماناو ئامانجێکی سیاسی هەیە، کە دەسەڵاتی زۆنی سەوز لەرێگەی دادگاوە دەیەوێت تۆڵە لە جەماوەری نارازی شاری کەلار بکاتەوەو بەشێوازی سزادانی دوو مێرمنداڵ پاشەکشەو پەشیمانی بەسەر جەماوەری نارازی شاری کەلاردا بسەپێنێت.

ئەگەر وێنای کرداری ئەو دوو مێردمنداڵە لە چوارچێوەیەکدا بکەین، بەو شێوازەی بەشداربونیان بووە لەدۆخێکی تەواو نارەزایەتی جەماوەری دانیشتوانی شاری کەلاردا بەرامبەر بە دەسەڵاتێکی میلیشیایدا، بەرامبەر دەسەڵاتی ئەو حزبانەی ٣٠ساڵە خاوەنی مێژویەکی وێرانکاری و تاڵانچێتین لە کوردستاندا، ئیتر ناکرێت هیچ تاوانێک لە ئارادا بێت، بۆیە گەر هەر شتێک بەناوی "تاوان"ەوە دەخرێتە پاڵیان، ئەوە "تاوان"ی تەواوی ئەو کەسانەیە کە بەشداریان لە خۆپیشاندانەکانی کەلاردا کردووەو کارێکی بەکۆمەڵی جەماوەریە بۆ نیشاندانی نارەزایەتی و داواکاری خواستەکانیان. هەربۆیە دەبینین بەگرتن و سزادانیان، نارەزایەتی بە شێوازی خۆپیشاندان و پەیامی نارەزایەتی لە میدیاکان و سوشیال میدیادا بەدوای خۆیدا هێناوە. ئەوەی شایانی باسە منیش لەرێزی ئەو نارەزایەتیەدام کە پەرچەکردار دەنوێنێت لەبەرامبەر ئەو دەسەڵات و دادگایەو بڕیاری سزاکەیاندا، بۆیە داوامان ئەوەیە دەستبەجێ ئەو دوو مێرد منداڵە ئازاد بکرێن و هیچ تاوانێک نەدرێتە پاڵیان.

ئێستا ماوە بڵێم ئەم مەسەلەیە تائێرە باشدەبێت گەر تەنها لە دیدگای کردارێکی سیاسی دەسەڵاتی حزبی زۆنی سەوزەوە بۆی بڕوانین، کە دەیانەوێت بەهەر شێوازو جۆرێک بۆیان گونجاو بێت، هێژمونی خۆیان بەسەر دانیشتواندا بنوێنن و بێبەزەیانە سزاکە جێبەجێبکەن و ژیانی دوو مێرمنداڵ بکەنە قوربانی نەخشەی سیاسی بۆ وەستانەوە بەرامبەر بە نارەزایەتیە جەماوەریەکاندا.

ئەوەی زیاتر مەبەستی منە دەمەوێت کەمێ زیاتر لەسەر ئەم مەسەلەیە لەئاستێکی گشتیتردا قسەی لەسەر بکرێت. دەربارەی مامەڵەی بەتاوانبار ناسینی مێردمنداڵ و سزادانیانە، واتە گەر دەمانەوێت وەک بەرگریکاری مرۆڤایەتی و مافەکانی مرۆڤ بەگشتی و منداڵان بە تایبەتی خۆمان بناسێنین، پێویستە بە وردتر دەربارەی مەسەلەی "تاوان و سزا و زیندان" لەسەر مێردمنداڵ لەبارەی یاسایی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤدۆستیەوە لێکدانەوە بکەین، هەربۆیە ئەم نوسینە دەکەمە پەیامێک بۆ وەزیرو وەزارەتی داد، لەهەمانکاتدا هیوادارم ببێتە کەمپینێک بۆ هەموو ئەو کەس و رێکخراوانەی بانگەشەی بەرگری لە منداڵان دەکەن چ لە ئاستی ناوخۆیی و چ لە ئاستی جیهانیدا بێت.

بەکارهێنانی ووشەی تاوان واتایەکی سەخت و گرانە گەر بەسەر هەر کەسێکدا بسەلمێنرێت و بە تاوانبار ناوبنرێت، دواتر راپێچ دەکرێتە بەردەمی دادگاو رەحمەتی ئەو یاسایەی سزای دەدات. لەکاتێکدا پەیوەندی زۆرینەی دەسەڵاتی سیاسی بە کۆمەڵگای جیهانەوە دان نانێن بە مرۆڤایەتی و مافە جیهانگیریەکانی ئینساندا، یاساکان و دادگاکانی هەر دەسەڵاتێک بۆ بەرژوەندیەکانی ئەو دەسەڵاتە دادەنرێت و یاساکان پەیڕەوی دەکەن.

لە ئاراستەی بیرکردنەوەم لەسەر تاوان و سزا ئەو ئەنجامە ئەدەم بەدەستەوە کە نابێت بە مێردمنداڵ بوترێت تاوانی کردووەو تاوانبارە و پاشان بەپێی یاسای تاوانەکان سزا بدرێت و زیندانی بکرێت. گەر مێردمنداڵ بەهەر پێوانەیەکی کۆمەڵایەتی و یاسایی کارێکی ناشایستە و ناکۆکی کردبێت، پێویستە ناو بنرێت "هەڵە"، "نەک تاوان" بەو مێردمنداڵەش رابگەیەنرێت کە هەڵەی کردووەو پێویستە لایەنی پەیوەندیداریش ئەو هەڵەیەی بۆ بسەلمێنێت ودواتر ئامۆژگاری و سەرپەرشتی بکرێت، هەر لەدرێژەی ئەم دیدگایەوە واتە نابێت سزادان هەبێت و شوێنێکیش بە ناوی زیندانی منداڵان بونی هەبێت، زیندانکردنی منداڵان دەبێت قەدەغە بکرێت.

ئەو "هەڵەیە" چەندە گەورەبێت سزادانی منداڵ بە زیندانیکردن، شکۆو هەستی ئەو منداڵەو هاورێ منداڵەکانی و هەر منداڵێک ئەو هەواڵی زیندانیەی منداڵی پێبگات دەیبەزێنێت و دەیشکێنێت، سزادان و زیندانی نەک ناتوانێ وانە و ئەزمونێکی ئەرێنی بێت

بۆ منداڵان، بەڵکو ئەو ڕێبازەیە کە دەیەوێت منداڵ ملکەچ و داماوو گوێرایەڵی گەورەکان و دەسەڵات بێت. نابێت دادگایەک هەبێت بۆ دادگاییکردنی منالان، نابێت منال ببرێتە بەردەم دادوەر بۆئەوەی سزابدرێت.

مامەڵەی هەڵەی هەر منداڵێک چەندە گەورەش بێت، کە بەپێوەری کۆمەڵایەتی و یاسایی دیاری دەکرێت، پێویستە لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە بەڕێگای چاودێری و سەرپەرشتیکردنی ئەو مێردمنداڵە و پاراستنی و گۆشەگیرنەکردنی بێت لە کۆمەڵگەو نە پچراندنی لە پەیوەندیەکانی، نەک زیندانیکردن و دورخستنەوەی، لەهەمانکاتدا نابێت ئەو "هەڵەیە" بە هیچ شێوەیەک لە پەروەندەی ئەو منداڵەدا تۆمار بکرێت.

گەر حاڵەتی ئەو "هەڵەیە" لە هەر مێردمنداڵێکدا لەژێر کاریگەری نەخۆشی دەرونیدا بێت، ئەو کاتە پێویستە لەڕێگای پزیشکی تایبەتەوە سەرپەرشتی بکرێت و چارەسەر بکرێت.

لەگەڵ ئەمانەشدا بەبۆچونی من هەر کەس و لایەنێک و هەر دەسەڵاتێکی سیاسی لەهەوڵی ئەوەدابن هێژمونی ئایدۆلۆژی تایبەت بەخۆیان بەسەر منداڵاندا پەیڕەو بکەن، دەبێت دادگایی بکرێن و سزا بدرێن.

☆

# کۆماری ئیسلامی ئێران وقۆناغێکی تازە لەسەرکوتگەری!

## خەسرەو سایە

پەرەگرتن و توندبوونەوەی خۆپیشانداان وناڕەزایەتیەکانی شارەکانی ئێران بەگشتی وشارەکانی کوردستان بەتایبەتی، لەسێ ڕۆژەی ساڵیادی سەرکوتە خوێناویەکەی ڕاپەڕینی "ئابانماهی ٢٠١٩"دا، ڕەوتی پێشڕەوی خرۆشانە جەماوەریەکەی بردە قۆناغێکی تازەوە و لەئاکامدا هێزە سەرکوتگەریەکانی ڕژێمی ئیسلامی ئێرانی ناچارکردوە کەبەرەو قۆناغێکی تازە لەسیاسەتی سەرکوتگەری بەرێ. بەتایبەتی دوای ئەوەی کە ناڕەزایەتیەکانی شارەکانی کوردستان بوە سەنتەری ڕووبەڕووبونەوەی ڕاستەوخۆی خرۆشانە جەماوەریەکان لەسەراسەری ئێراندا، بەرامبەر بەهێزەکانی ڕژێم. سوتاندنی چەند بنکەو بارەگاو پاشەکشەپێکردن و پەکخستنی توانای سەرکوتگەری هێزەکانی ڕژێم، تاشەڕی کۆڵان و شەقامەکان، لەشارەکانی وەک مهاباد وجوانڕۆ وهەندێ شوێنیتر. هەڵکشانی ژمارەی قوربانیەکان لەم سێ ڕۆژەو ڕۆژانی دواتردا بۆ زیاتر لەسەد کەس و هاوکات دەستبردنی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ کۆکردنەوەو بزواندنی سوپا و هێزەکانی بۆسەر شارەکانی کوردستان و داسەپاندنی فەزای میلیتاریزم بەسەریاندا، لەکەنار ئەمانەشەوە بۆردومانکردنی لایەنە نەیارەکانی نیشتەجی لەهەرێمی کوردستانی عێراق وکۆکردنەوەی هێز لەسەر سنورەکان و هەڕەشەی هێزبزواندن بەرەو خاکی هەرێم.. ئەمانە نیشانە سەرەکیەکانی ئەم قۆناغە تازەیەیە لەسەرکوتگەریەکانی ڕژێم.

بەڵام بۆ ڕۆشنکردنەوەی زیاتری ئەم قۆناغە تازەیە و ئاشکراکردنی ئامانجەکانی ڕژێم لێی، پێویست دەکەت ئاوڕێکی خێرا لە شێوازو تاکتیکەکانی ڕژێم بدەینەوە کەلەسەرەتای هەڵگیرسانی ناڕەزایەتیەکانەوە پەیڕەوی لێکردووە:

لەمانگی یەکەم و چەند هەفتەی مانگی دووەمی خۆپیشاندانەکاندا، ڕژێمی ئیسلامی بەدەستبردن بۆ تاکتیکەکانی ناردنی تێکەڵەیەک لەهێزەکانی "پەسیج" و پۆلیسی ئیرشادو هێزە ئەمنیەکان بەبەرگی مەدەنیەوە، لێدان بەگازی فرمێسکڕژێن و هەندێکجار کوشتنی کەسانێک لەخۆپیشاندەران و پاشان هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنی هەڵسوڕاوان و دەستگیرکردنیان، هەروەها هەوڵەکانی ڕژێم بۆ سازدانی خۆپیشاندانی پێچەوانە لەلایەن لایەنگرانیەوە و دەستبردن بۆ زیادکردنی لە٢٠٪ی موچە، بەمەبەستی دابڕاندنی بەشێک لەجەماوەرو خاوکردنەوەی خۆپیشاندانەکان.. ئەمانە بەگشتی ئەو شێوازانەبووە کەڕژێم بۆ سەرکوتی خرۆشانە جەماوەریەکان لەسەرەتاوە گرتویتەبەر، کەزیاتر ڕووی لەسیاسەتی بەرگریکردن لەخۆی بوە وهەوڵی نەداوە، سوپا وەک ئامرازێکی سەرەکی بجوڵێنێ و بیخاتە جەنگی خەڵکەوە. چونکە ڕژێم دەیزانی بەمکارە دەکەوێتە جەنگی ئاخرەوەو ئەگەر نەتوانێ خۆپیشاندانەکان بەیەکجاری سەرکوتکات، ئەوا تەمەنی ڕوخانی نزیکتر دەکاتەوە.

بەڵام کاتێک کەدەڵێین ناڕەزایەتیەکان لەساڵیادی خرۆشانی "ئابانماهی ٢٠١٩دا، تەوژمێکی تازەی بەو بزوتنەوە جەماوەریە شۆڕشگێرانەیە بەخشیوە کە لەمەیداندایە، بەمانای ئەوەدێت کە گۆڕانکاریەکی گەورەی لەهاوکێشەی هێزی سەرکوتگەری ڕژێم و جەماوەردا پێکهێناوە و کۆماری ئیسلامی ئێرانی خستۆتە جێگەیەکی تازەوەو ناچاری کرد بەکۆکردنەوەی هێزی سوپاو ڕاکێشانی بۆسەر شارەکانی کوردستان و میلیتاریزەکردنی، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ڕژێم ئیتر بەشێوازەکانی پێشوو، هەروەها بەوەی کە

هەر بەسیاسەتی بەرگریکردن لەخۆ و ئەو ئامرازانەی لەدەستیدابوو ڕوبەڕووی جەماوەری نارازی ببێتەوە. بۆیە ناچاربووە بەگرتنەبەری سیاسەتێکی تازە. سیاسەتێک کە بزواندنی هێز وسوپا، میلیتاریزمەکردنی شارەکان و ڕاگەیاندنی ڕژێمێکی سەربازی.. لەئێستادا بۆتە لایەنە سەرەکیەکانی ئەم قۆناغە تازەیە، لە سەرکوتگەریەکانی ڕژێم.

بێگومان دەوڵەت لەسەردەمانی شۆڕشگێریدا، تایبەتمەندی خۆی هەیە. تواناییەکانی ڕژێم بۆ سەرکوتکردن و شێوەکانی هاتنەمەیدانی جەماوەر و ناسینەوەی کەناڵەکانی پێشڕەوی جەماوەر بۆ پەککستنی هێزەکانی ڕژێم لەیەک جەنگی چینایەتیدا، سەرەکیترین یاسایە کە سەرکەوتن و شکستی هەر بزوتنەوەیەکی جەماوەری دیاریدەکات. هاوکات لەدەورانی شۆڕشگێرانەدا کە دۆخەکە بەوەگەیشتبێت، خواستی ڕوخانی ڕژێم بەکردەوە دەرهاتووەو بۆتە سەنتەری درێژەکێشانی نارەزایەتیە جەماوەریەکان، ئەوا ڕژێم ئیتر ناتوانێ بەشێوازو ئامرازەکانی پێشووترەوە ڕووبەڕووی جەماوەری ڕاپەریوو ببێتەوە و لەئاکامدا دەزگای سەرکوت وەک تاکە ئامراز وتوانا لەدەستی ڕژێمدا دەمێنیتەوە و هەوڵدەدات جەماوەری خرۆشاو کەهێشتا توانا و ئامادەیی کافیان بۆ دەستبردن بۆ چەک و شەڕی ئاخر بەئاراستەی ڕوخانی ڕژێمدا بەدەست نەهێناوە، ڕایانکێشێتە جەنگێکی پێشوەختەوە و حسابی خۆی بەسەرکوتی خوێناوی لەگەڵ جەماوەری ڕاپەڕیودا یەکلایی بکاتەوە. لەم ڕوانگەیەوە سیاسەتی ئێستای جمهوری ئیسلامی پشتی بەستووە بەبزواندن و کۆکردنەوەی هێزی سوپا و میلیتاریزمەکردنی شارەکانی کوردستان، تا ڕەوتی سەرکوتگەریەکانی بەرەو ئەو خاڵە بەرێت کە خۆپیشاندان و مانگرتنە جەماوەریەکان، بەرەو "شەڕیکی چەکداری پێشوەختەو نا ئامادەی جەماوەر" بەرێت و پاساوی لەخوێن هەڵکێشان و شکستپیدانی بکەوێتە دەست.

دروست بەهەمانشێوە کە ڕژێمی بەشار ئەسەد، لەکاتێکدا کەجوڵانەوەی جەماوەری توانای کافی بۆ پەلاماردانی چەکداری بەدەستنەهێنابوو، لەگەڵ دەرکەوتنی هێزە چەکدارەکانی "سوپای سوریای ئازاد" دا، پاساوی جەنگێکی خوێناوی کەوتە دەست و لەئاکامدا، خرۆشانی جەماوەری لەخوین و کاوڵکاریدا، خنکاند و وێنای "شۆڕشی سوریا"ی لەڕوی هێزەوە، بەرەو جەنگێکی ناوخۆی نێوان ڕژێم و دەستەو تاقمە چەکدارە ئیسلامی و قەومیەکان گۆڕی و بەیەکجاری هاوکێشەیەکی تر بەزیانی نارەزایەتیە جەماوەریەکان شوێنی گرت.

بەمجۆرە ئەگەر لەڕوانگەی هێزو تواناکانی جەماوەرو ڕژێم لەئێستادا، بڕوانین ئەوا ڕژێم حسابی لەسەر ئەوە کردووە کە لەڕێگای هێزبزواندن و میلیتاریزمەکردنی شارەکانی کوردستانەوە، بزوتنەوەکە ڕاکێشێت بۆ دەستبردنی پێشوەختە بۆ چەک، وەیا هێزە ناسوینالسیتەکانی کورد کە لەهەرێمدا نیشتەجێن، بەناردنی هێزی چەکداریان بۆشارەکانی کوردستان، بەهانەیەک بەدەست بهێنێ بۆ پەلاماری ڕاستەوخۆی خەڵک و لەخوێن هەڵکێشانی.. ئەمەش لەئێستادا مەترسیدارترین مەسەلەیە کەبۆتە هەڕەشە بەسەر ئەو بزوتنەوە شۆڕشگێریە جەماوەریەوە کەلە مەیداندایە. بەتایبەتی کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لەلایەک ئەو ڕاستیە باش دەزانێت کە خرۆشانی خەڵکی شارەکانی ئێران، بزوتنەوەیەکی شارییە و هێزی خۆی لەخۆپیشاندانی ژنان و لاوان و مامۆستاو خوێندکارانی زانکۆ و جەماوەری زەحمەتکێش و مانگرتنی کرێکاران وەرگرتوە و تائێستا ئەوتوانایەی چەسپاندووە، کە بەرگری لەخۆی بکاو لەمەیدانی شارەکاندا بمێنێتەوە. وە هەر بەم پێیەش ئەو ڕاستیەی جێگیرکردوە، کە بەئاسانی و لەکورتماوەدا، دانامرکێتەوە. لەلایەکی ترەوە هەڵبژاردنی شارەکانی کوردستان بۆ پەلامارێکی سەراسەری نارەزایەتیەکان، بەو هۆیەوەیە کە هێزگەلێکی ناسیونالیستی چەکدار لەئارادایەو زەمینەو پاساوێکی ئەوەی لەدەستدایە کە لەگەڵ هەر سیاسەتێکی چەوت و نابەرپرسیارانەی ئەم هێزانەدا دۆخێکی وا پێکبێت، کەڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری پێشوەختە بەسەر بزوتنەوەکەدا داسەپێنێ ولێرەشەوە نارەزایەتیە جەماوەریەکان لەئاستی سەراسەری ئێراندا، لەڕێگای ڕاستەوخۆی سوپاو هێزە سەرکوتگەریەکانەوە، لەخوێن هەڵکێشێ وسەرکوتی بکات.

لەچوارچێوەی ئەم دۆخە تازەیەدا پرسیارێکی سەرەکی کەڕووبەڕوی ڕابەران و هەڵسوڕاوان ئەحزابی دەخاڵەتگەر لەم خرۆشانە جەماوەریەدا دەکاتەوە، ئەوەیەکە بەچ شێوازێک دەتوانرێ درێژەکێشانی خۆپێشاندان و نارەزایەتیەکان زامن بکرێ و سیاسەتی ئەم قۆناغەی ڕژێمی ئیسلامی ناکام بکرێتەوە، بەبێ ئەوەی پێشوەختە دەست بۆچەک ببرێت؟ بەواتایەکی تر تا کەی و بەچ ئاستێک نارەزایەتیەکانی ئێستا بەبێ چەک درێژەی دەبێ؟. فاکتۆری سەرەکی بۆ پەلاماری ئاخری ڕژێم کامەیە؟ بێگومان ئامانج لەهەر جەنگێکدا سەرکەوتنە. پێشڕەوی و سەرکەوتنی هەر بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێرانەی جەماوەریش پێویستی بەپاشەکشە پێکردن بەهێزی بەرامبەرە. تاکتیکەکانی ڕابەرانی هەر بزوتنەوەیەکی جەماوەری بۆ پاشەکشە پێکردن و ناکامکردنەوەی توانای هێزی سەرکوتگەری ڕژێم، هەرچیەک بێت، نابێ لەوە کەمکاتەوە کە ئەوە هاتنەمەیدانی فراوانی بەشەکانی خەڵکی نارازی و لێکهەڵپێکانی شێوەکانی نارەزایەتیە، کە توانا لەڕژێمەکان دەسێنێ، نەک بەتەنها دەستبردن بۆچەک.

واتە چەکی سەرەکی

جەماوەری خرۆشاو، هاتنە مەیدانیانە بەفراوانی لە شێوەکانی کۆبوونەوەی جەماوەری لەناوەندی شارەکان و گەرەک وکارگەو زانکۆ و بەڕێوەبەرایەتیەکان، مانگرتنی سەراسەری و ناوچەیی، دەست لەکارکێشانەوەو راگرتنی کار و مانگرتنە کرێکاریەکان.. ئەمانە بنەمای سەرەکی ماندوکردن و پەکخستنی دامودەزگاکانی دەولەت و هێزو توانا سەرکوتگەریەکانی رژێمە. دەستبردن بۆچەک ئێستسنایەو تەنها کاتێک مەترەحە کە جولانەوەی جەماوەری لە هێزهاوسەنگیەکی گونجاودا بەرامبەر بەرژێم قەراری گرتبێ و ئەو توانایانەی بەدەستهێنابێت کە دوا گورزی خۆی بۆ روخاندن و هەلپێچانی رژێم بەدەست هێنابێت. لەم نێوەدا داینکردنی رێکخراوبوون و رابەری جەسورو خاوەن ئاسۆی رۆشن کە هێزهاوسەنگی دەرک کردوەو بەشێوەیەکی واقعی پەی بەتواناکانی جولانەوە و دوژمن بردوە، فاکتۆرێکی گرنگە بۆ گەیشتن بەئامانجی سەرکەوتنی کۆتایی. بەپێچەوانەی ئەمەوە، یاریکردن بەشۆرش و راپەرین و مامەلەی نابەرپرسانەی لایەنە دەرگیرەکان، جگە لە شکست و بەلارێدابردن و سەرەنجام بەهانەدان بەدوژمن شتێکی تری بەدواوەنابێت.

لینین لەوتاری دەرسەکانی راپەرینی مۆسکودا، لێکترازان و هەلوەشانەوەی ریزەکانی سوپاو هێزە سەرکوتگەریەکانی رژێم، لەژێر کاریگەریەکانی فراوانبوونەوەی نارەزایەتیە جەماوەریەکاندا، بەفاکتۆرێکی جەوهەری دادەنێت، تا خرۆشانی جەماوەری بتوانێ دەستببات بۆ شەری ئاخرو وەشاندنی گورزی کۆتایی لەدوژمن... کەوایە لەهاوکێشەی هێزی ئێستای نێوان خەلکی خرۆشاو وهێزە سەرکوتگەریەکانی رژێمی ئیسلامیدا، لەکاتێکدا کە هێشتا نەجەماوەر ئامادەیە بۆ شەری ئاخرو نەهێزەکانیش لەگەل حالەتی لێکترازان و پەرتبوندان، وەلامی دروست بۆ پێشرەوی و زالبوون بەسەر سیاسەتی میلیتاریزەکردنی شارەکانی کوردستان و هێزبزواندنی رژێمدا، شتێکی تر نیە جگە لەوەی کە جولانەوەی جەماوەری فراوان و فراوانتر بکرێتەوەو ناوەندی شارە گەورەکان بکرێتە مەیدانی خۆپیشاندان و هاتنەمەیدانی یەکگرتوانە و ریکخراوی خەلکی نارازی. مانگرتنی سەراسەری کرێکارانی ناوەندە پیشەسازیەکان و کارمەندانی ناوەندە خزمەتگوزاریەکانی وەک گەیاندن، ئاو و کارەبا و ئیداراتی دەولەتی.. وەک پشتیوانیەک بۆ شارەکانی کوردستان، ئەتوانێ دەستی رژێم لەبزواندنی هێزەکانی ببەستێت، هاوکات جولانەوەکەش لەخەتەری "دەستبردنی پێشوەختانە بۆچەک" دوربخاتەوە.

بێگومان ناکامکردنەوەی رۆلی ئەحزابی ناسیونالسیتی کورد لەداسەپاندنی "دەستبردنی پێشوەختە بۆچەک"، لەئێستدا کە بزوتنەوەکە ئامادەنیە، لەگەل ئەوەدا شارەکانی کوردستان بۆ جەنگێکی ناوخۆ راپێچەدکات و هاوکێشەیەکی نابەرابەر بەقازانجی هێزە سەرکوتگەریەکانی رژێم دادەسەپێنێ، ئەرکێکە کەدەبێ هەلسوراوان و رابەرانی نارەزایەتیە جەماوەریەکان بەوریاییەوە مامەلەی لەگەلدابکەن.

٢٠/١١/٢٠٢٢

**ناسیۆنالیزمی کورد و حزبەکانی لە هەناوی ئاڵۆگۆڕەکانی دەیەی کۆتایی سەدەی ڕابروودا چارەنووسی خۆیان شەتەکدا بە سیاسەتەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەوە، بەوجۆرەش توانییان بەدەسەڵات بگەن و لەسەر کورسی دەسەڵات بمێننەوە. بەڵام کۆتایی هاتنی شەڕی داعش و ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر دوچاری ناکامی و تەریک کەوتنەوە و گێژاوی گەورەی کردن و ناکۆکییەکانی ناوخۆی بۆرژوازی کوردی قووڵکردەوە، بەجۆرێک کە تا ئێستاش نەیانتوانیوە شانی خۆیان لەژێر ئاکام و کاریگەرییەکانی ئەو ڕووداوانە دەرکێشن. ئەوانە لەگەڵ گێژاوی فیدراڵیزم و فشارە بەردەوامەکانی بەغدا و سەرئەنجامیش ناکامی و کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکە و دەستپێکردنی ئەم ڕەوەندە تازەیە، دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و ئەزموونەکەیانی لەگەڵ دەورەیەکی نوێ لە بێئاسۆیی و سەرگەردانی و ناکۆکی ناوخۆ بەرەوڕوو کردووە و دەورانی زێڕینیان ڕووی لە لێژی کردووە. ئەم ڕەوتە کوردستانی خستوەتە بەردەم دەورەیەکی ناجێگیر و سیناریۆگەلی جیاوازەوە، تا ڕادەیەک کە قەوارەی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی حزبە ناسیۆنالیستەکان لە بەردەم ئەگەری جۆراوجۆردا قەراری گرتوە.**

بەشێك لە بەڵگەنامەی": كۆنگرەی سەراسەری نوێنەری شوراكانی خەڵك، بەدیلی دەسەڵاتی میلیشیایی ئێستایە!"
پەسەندكراوی كۆنگرەی پێنجەمی حزب كانونی یەكەمی ٢٠٢١

# جمهوری ئیسلامی و هاوچارەنوسەکانی پێکەوە دەڕۆن!

ڕێبوار ئەحمەد

بزوتنەوەی هەڵپێچانی جمهوری ئیسلامی تادێت زیاتر پەرەدەگرێت و خەڵکی ئیران لەسەر ڕێگای فەراهەمکردنی پێداویستیەکانی هەڵپێچانی ئەم ڕژێمە بەخێرایی بەرەوپێش دەڕۆن. ئێران بوەتە مەیدانی داهێنانی شۆرشگێرانەی ئەوتۆ کە هەموو جیهانی سەرسام کردوە، جیهان لەژێر کاریگەری توندی ئەو بزوتنەوە شۆرشگێرانەیەدا قەراری گرتوە. ژنان و لاوان و خەڵکی ستەمدیدە ڕۆژانە بەداهێنانی گەورە تین و تەوژم بە ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی و مرۆڤدۆستی و ژیاندۆستی دەدەن، نەک هەر لە ئێران و نەک هەر لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو لەئاستی هەموو جیهاندا. بەراستی و بەبێ زیادەڕۆیی جیهانی ئەمرۆ و فەزای فکری و سیاسی ئەمرۆ جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەڵ ڕۆژێک بەر لە ڕۆژی کوژرانی مەهسا ئەمینی بەدەستی جەلادانی ڕژێمی ئیسلامی. جیاوازی هەیە بەو مانایەی ئەمرۆ مرۆڤایەتی ئومێدەوارترە، ژنان جێگایەکی بەرزتریان هەیە، ئاسۆی ئازادی ڕوناکترە، فەزای فکری جیهان رادیکاڵتر و مودێرنتر و ئینسانی ترە، ئیرادەی ئینسان بۆ نەخشاندنی ئاینندەی خۆی بەهێزترە. لەم دوو مانگەدا خەڵکی ناوچەکە و هەموو جیهان لە ژنان و لاوان و خەڵکی شۆرشگێری ئیرانەوە فێری زۆرشت بوون. فێری ئەوەبوون کە لە سەدەی بیستویەکیشدا سەرباری هەژمونی سەرمایەداری و دەوڵەتەکانی، سەرباری هەژمونی ملهوری عەسکەری و فکری و سیاسی دەوڵەتانی سەرمایەداری، سەرباری لە قاڵبدانی بیروهۆشی مرۆڤایەتی بە بیری قەدەرگەرایی و خورافی و حوکمی چارەنوس، هێشتا ئیرادەی ئینسان لەسایەی سەرکوتگەرترین ڕژێمی هاری سەرمایەدا، دەتوانێ و بگرە توانیویەتی بێتەمەیدانەوە و بە چۆکیدا بهێنێت و هەوڵدات بەدەستی خۆی چارەنوسی خۆی بنوسێت. ئەمرۆژانە جیهان ئەم ڕاستیە بەرجەستە و مەزنە، بە کردەوە دەبینێ و هیوا و ئومێد و هێزی لێوەردەگرێت.

بەڵام ئەمە هەموو شتەکە نیە! جمهوری ئیسلامی خەریکە تەفروتونا دەبێت و دەروات، چەند ڕۆژ و چەند مانگ زووتر یان درەنگتر، بەڵام هەموو جیهان چاوەڕوانی هەڵپێچانی دەکەن. ڕوخانی جمهوری ئیسلامی لەرێگای شۆرشێکەوە، ڕوداوێکی زۆر لە گەورە گەورەترە، دەبێتە هەوێنی ئاڵوگۆرێکی زۆر گەورە لە ناوچەکە و تەنانەت جیهاندا. زۆر هاوکێشە دەگۆرێت، تەنانەت هەڵدەگێرێتەوە. هەرچۆن بە هاتنەسەرکاری ئەم ڕژێمە، گەردەلولێکی کۆنەپەرستانە هەموو ناوچەکە و جیهانی خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە، کۆنەپەرستی و تیرۆریزمی ئیسلامی پەرەی گرت و بۆمب و چەقۆ و پەتی قەنارەی ئیسلامی سەدان هەزار جەستەی پارچەپارچە کرد و سەدان هەزار سەری پەڕاند، دەیان دەستەوتاقمی بکوژی ئیسلامی بەرەڵای گیانی مرۆڤایەتی کرد و بوونە مایەی هەراسانی و کارەساتی گەورە بۆ دانیشتوانی ناوچەکە وجیهان، بەهەمانشێوە ڕوخانی ئەم ڕژێمەش دەبێتە مایەی گەردەلولی شۆرش و شۆرشگێری و ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی و سیکۆلاریزم، دەبێتە مایەی داخرانی ئاسۆی دەیان دەستەو تاقم و تەنانەت تەنگکردنەوەی ئاسۆی دەوڵەتانی ئیسلامی لە پانتایی دنیادا. لە تاقمە ئیسلامیە کۆنەپەرستە دژە ژنەکانی کوردستانەوە تا دارودەستەی شیعە و تەنانەت سونەی عێراق و سوریا و لوبنان و فەلەستین و هەموو دنیای عەرەب و وڵاتانی ناوچەکە، تا جۆرەها دەستەو تاقمی خوێنرێژ لە جیهاندا کە جمهوری ئیسلامی لەپشتی دەدان و نان و پارە و بارووتی پێدەدان، خۆریان ئاوادەبێت و دەکەونە بەر نەفرەتی خەڵکەوە.

نە تەنها ئەوان بەڵکو حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانیش بە تایبەت ئەوانەیان کە لە ڕۆژانی خۆشی جمهوری ئیسلامیدا هاوپەیمان و چاولە دەستی بون، دەبێ خۆیان بۆ دژواری و ئاستەنگیەکانی دوای ڕوخانی ئامادە بکەن و نرخی دۆستایەتیەکەیان لەگەڵ ئەم ڕژێمە پیس و چەپەڵەدا بدەنەوە. ئەگەر ئەو شۆڕشەی لەئێراندا بەرێکەوتوە سەربکەوێت، هەموو ناوچەکە بەتایبەتی و هەموو جیهان بەگشتی دەکەونە بەر نەسیمی ئەو شۆرشە. هێزهاوسەنگی و دەرفەتێکی گەورە بۆ ئەو بزوتنەوانە دەرەخسێت کە هاورێگای شۆرشی خەڵکی ئێرانن، بۆئەوەی ئایندە و چارەنوسێکی درەوشاوە بۆ بەشەریەت بنوسن.

٢١ی نوڤەمبەر

**بەهرەمەندبوونی کرێکارانی کوردستان لە یاساکارێکی پێشرەو و هاوچەرخ مەسەلەیەکی دەستبەجێی و هەنووکەییە بۆ پاراستنی ژیان و کەسایەتی و دابینکردنی مافەکانی کرێکاران!**

# هێرش بۆ سەر ئۆپۆزیسیۆن
# ڕژێمی ئێران لەزەبری ڕاپەڕینی جەماوەری ڕزگار ناکات!

عبدالله محمود

هەستان و ڕاپەڕینی جەماوەری لەسەراسەری ئێراندا ڕوو لە هەڵکشانە. ئامادەیی جەماوەری بۆ بەردەوامیدان بەم ڕاپەڕینە، ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەم ڕاپەڕینە چۆک دانادات و ڕاناوەستێت، تا کۆتایی بە دەسەڵاتی نیزامی سیاسی سەرمایە لە ئێران دەهێنێت...

ئەگەر سەرانی ڕژێم لە ئێران سەرەتا خوێندنەوەیان بۆ خۆپیشاندان و نارەزایەتی شۆڕشگێرانەی جەماوەری ئەوە بوو کە ئەویش وەکو هەستانە جەماوەرییەکانی پیشوو، بەخێرایی کۆتایی پێدێت، یان بەزوری هێز دەتوانن کۆتایی پێبهێنن، ئەوا ئێستا بۆیان ڕوونبۆتەوە، کە توخمەکانی ڕاپەڕینی ئەمجارە زۆر لەوە زیاترن کە بتوانرێت وەکو جارانی پێشوو، پاشەکشەی پێبکرێت...

جەماوەری ڕاپەڕیو لە ئێران، مێژووی ٤٣ ساڵ لەخەبات و نەفرەتی هەمەلایەنەی خۆیان لەدەسەڵاتی سیاسی جمهوری ئیسلامی، ئاوێزانی یەکتری کردووە، مێژووی سەرکوتگەری و بێمافی و هەلاواردنی ٤٣ ساڵەی جمهوری ئیسلامیان کردۆتە پاکیجێک، کە پێویستە بۆ هەمیشە بە مۆزەخانەی مێژوو بسپێردرێت.

شەپۆلی نارەزایەتی بەرینتردەبێتەوە، جمهوری ئیسلامی دەیەوێت بۆ بەرگرتن بەو بەرینبوونەوەیەو لەوەش زیاتر ڕاگرتن و کۆتایی پێهێنانی، ڕێگای سەرکوت و بردنەسەری توندوتیژی، و ترس و تۆقاندن بەدەستەوە بگرێت... بەڵام لەم هەوڵەشدا ناکامە... ئەوەتا لەگەڵ زۆربوونی سەرکوت و زەبروزەنگی ڕژێمدا، کاردانەوەی جەماوەری گەورەتر دەبێت، تورەیی فراوانتر و ئاستی خۆپیشاندانەکان بەرزتر. هەروەها ترس لە ڕژێم بەئەندازەیەکی زۆر شکاوەو ئەو کارایەی پێشووی لەدەستداوە... لە ئێستادا ترسی ڕژێم هەڵکشاوەو ترسی جەماوەری کەم بۆتەوە.

جمهوری ئیسلامی لەچوارچێوەی دەستبردنی بۆ توندوتیژی زۆرتر و بەدەستەوەگرتنی زۆرترین لە تواناکانی، بەدژی خۆپیشاندانی جەماوەری لەناوخۆی ئێراندا، هاوکات دەیەوێت هێرش و پەلامارەکانی بۆ سەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان، زۆرتر بکات... ئامانجی جمهوری ئیسلامی لەم هێرشانەیدا، بەجیا لە هەوڵێکی چەواشەکارانە بۆگواستنەوەی سەرنجی دنیا لەناوخۆوە بۆسەر سنورەکان، لەلایەکەوە بۆ ئەوەیە ڕاپەڕین و هەستانی جەماوەری لە ئێران بخاتە ئەستۆی ئۆپۆزیسیۆن و لەلایەکی تریشەوە ناکامیەکانی لەسەرکوتی تائێستای خۆپیشاندانی جەماوەری لەناوخۆی ئێراندا، بشارێتەوە. زیاتر لەوەش دەیەوێت، ڕیشە و هۆکاری واقعی هەستان و ڕاپەڕینی جەماوەری، کە لە بنەرەتدا نەفرەتە لە دەسەڵات و کارنامەو سەرکوت و بێمافی و هەلاواردن، خەوشدار بکات و بیبەستێتەوە بەجوڵەو ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی سنورەکانی.... وە دەیەوێت مۆرکی ڕاپەڕینی سەراسەری لە بزوتنەوەی شورشگێرانەی خەڵکی ئێراندا دابماڵێت و وەکو بزوتنەوەیەکی محەللی لە کوردستاندا کورتی بکاتەوە، دەیەوێت خەڵکی چ لە کوردستان و سەراسەری ئێراندا ڕابکێشێتە پای دەستبردن بۆچەک و چەک جێگای مەیدانی خرۆشانی جەماوەری بگرێتەوە. هەروەها دەیەوێت بە دنیا بڵێت کە ئێران هێشتا توانایی نەک لەناوخۆی ئێران، بەڵکو لە دەرەوەی سنورەکانیدا هەیەو هەڵسوران و مەیدانی دەخالەتگەریی لە وڵاتانی ناوچەکەدا، وەکو پێشوو درێژە پێدەدات...

جمهوری ئیسلامی بەهەر ئەندازە لەناوخۆی ئێراندا توانای سەرکوتی ناکام دەبێت، بەهەمان ئەندازە هێرشەکانی بۆسەر بنکەو بارەگاکانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی زیاددەکات. وە هاوکات هەڕەشەکانی لە وڵاتانی ناوچەکە، لەدەستی دەرەکی!! زۆرتر دەبێت. دیارە هێرش بۆسەر ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەدەرەوەی سنورەکانی و لە عیراق و کوردستاندا، تەنها هێرش و ملهوری نواندن بەرامبەر ئۆپۆزیسۆن نییە، بەڵکو ملهورییەکی ئاشکرایە بۆسەر ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستان و سەرجەم دەسەڵاتی سیاسی لە عیراقدا. بەدوور نازانرێت هێزەکانی جمهوری ئیسلامی بەجیا لە بۆمباران و هێرشی درۆنی و ساروخی، هێرشی زەمینی بکاتە سەر هەرێمی کوردستان و بنکەو بارەگاکانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی جێگیر لە هەرێمدا.

تەنانەت جمهوری ئیسلامی ئەگەر بگات بەو باوەڕەی کە بە جەنگێکی دەرەکی لەگەڵ یەکێک لە وڵاتەکانی ناوچەکە، دەتوانێت خۆی لە دەست جەماوەری ڕاپەڕیوی ئێران ڕزگار بکات، دەستپارێزی ناکات و ئەو ڕێگایەش دەگرێتەبەر. جمهوری

# گەڕانەوەی سوپای عێراق بۆ ناوچە سنوریەکانی هەرێم

## موحسین کەریم

ڕژێمی ئێران کە لەژێر زەبری خرۆشانی جەماوەریدا پەلەقاژەی دەربازبوون دەکات، دەیەوێ بە تاوانبارکردنی لایەنە سیاسیە ئۆپۆزیسیۆنەکانی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان، بەوەی دەستیان هەیە لە هاندانی خەڵکدا، هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدان و خرۆشانی جەماوەری کرێکاران و لاوان و ژنانی ئێران بۆ پێچانەوەی بارگەوبنەی جمهوری ئیسلامی نادیدە بگرێت و بیکاتە پیلانگێری دەستی دەرەکی و کۆمەڵێک گروپی جیاییخواز!

بۆ ئەم مەبەستە، لەگەڵ سەرهەڵدانی خرۆشانی جەماوەری ئێران و شارەکانی کوردستاندا، بنکەی حزبە سیاسیەکانی کوردستانی ئێرانی لە هەرێمی کوردستان کردە ئامانج و بە مووشەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هێرشی کردە سەریان. بەڵام ئەم سیاسەتە بەهیچ کوێ نەگەیشت و خرۆشانی جەماوەری ڕۆژبەڕۆژ زیاتر فراوان و بەرینتر و سەراسەری دەبێتەوە. کەم شاری ئێران هەیە کە خۆپیشاندانی جەماوەری و هێرش بۆسەر بنکەو بارەگاکانی دەزگا سەرکوتگەر و جاسوسیەکانی ڕژێم لەلایەن جەماوەرەوە ئەنجام نەدابێت، تا کار بەوە گەیشت ماڵی خومەینی لە شوێنی لەدایکبوونی لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە بسوتێنرێت و بەوجۆرە گرنگترین پیرۆزییەکان جمهوری ئیسلامی کەوتە ژێرپێی خەڵکی نارازی ئێرانەوە!

ئێستا ئیتر دۆخەکە بەجۆرێکە کە لە هەموو گۆشەو کەنارێکەوە دەنگی ناڕەزایەتی دژی ڕژێم و خواستی ڕوخانی بەرزبۆتەوەو هەموو نیشانەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەگەری مانەوەی ڕژێمی ئیسلامی بوەتە بەشێک لە مێژوو! بۆیە ڕژێم لەپاڵ دەستبردن بۆ سەرکوتی دڕندانەو کوشتاری سەرجادەیی خۆپیشاندەران بەتایبەتی لە شارە کوردنشینەکان و بلوچستان، هەڵکوتانە سەر ماڵان و زیندانیکردنی زیاتر لە ١٤هەزار کەس و هەرەشەی لەسێدارەدانی خۆپیشاندەران و.... دوبارە کارتی دەستی دەرەکی و هەرەشەی هێرشکردن بۆسەر هەرێمی کوردستان گوایە بۆ زەربەدان لە لایەنە سیاسیەکانی نیشتەجێی هەرێمی ڕاکێشاوەتەوە. فەرماندەی سوپای زەمینی ڕژێم ڕایگەیاند کە ئەگەر دەسەڵاتدارانی هەرێم و عێراق ئەو هێزانە لەناوچەکە دەرنەکەن، ئەوا هێرشی زەمینی بۆسەر هەرێم دەست پێدەکەن. دواتریش سەفیری ئێران لە عێراق ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەگەر هێزەکانی حکومەتی ناوەندی کۆنترۆڵی ناوچە سنوریەکانی هەرێم لەگەڵ ئێران بکەن، ئەوا ئەوان دەستبەرداری هێرشی زەمینی دەبن! ئێستا بڕیارە حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم لەسەر چۆنیەتی جێگیرکردنی هێزەکانی پاراستنی سنوری سەر بە حکومەتی ناوەندی لەسەر سنورەکانی هەرێم و ئێران و هەرێم و تورکیاش دەست بەکاربن!

ئەگەرچی حکومەتی هەرێم و بەتایبەتی لەم دواییانەدا یەکێتی نیشتمانی، ڕاستەوخۆ بەرگری لە بەرژەوەندیەکانی ئێران دەکەن و ڕێگا نادەن ئەو هێزە سیاسیانە سەریەشە بۆ ڕژێمی ئیسلامی دروست بکەن، بەڵام ئەم فشارە لەم هەلومەرجەدا و دانی کۆنترۆڵی ئەو ناوچانە بە سوپای عێراق، بۆئەوەیە کە تەنانەت چالاکی سیاسی ئەو هێزانە لە هەرێمی کوردستان قەدەغەبکرێت و کۆتایی بە بوونی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی ڕژێمی ئێران لە کوردستانی عێراق بهێنرێت، چونکە ئەوە فرسەت دەدات بەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی و دەزگا جاسوسیەکانی عێراق کە نفوزێکی ئیسلامی لەحاڵەتی مان و نەماندایە... ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران خەریکە بەتەواوەتی ڕێگای گەڕانەوەی لێدەگیرێت.

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانی عێراق، کە زۆرترین سود لە ڕوخاندنی جمهوری ئیسلامی ئێران دەبینن، و تەواوی کەشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنی ئاڵوگۆر پێدەکات، ئەرکیانە لەلایەکەوە بەهەر جۆرێک لەتوانایاندایە پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران بکەن و لەلایەکی تریشەوە ئیدانەی ملهوڕی و لەشکرکێشی و بۆمبارانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بکەن.... خەڵکی عێراق و کوردستان و ناوچەکە، هاوچارەنووسی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێرانن. دەسەڵاتی کۆنەپەرستی سەرمایە لە ئێران چۆن مۆتەکەی سەر دڵی خەڵکی ئێرانە، ئاواش مۆتەکەی سەر دڵی خەڵکی ناوچەکەو بەتایبەتیش عێراق و کوردستانە... خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و ئێران پێویستیان بە هاوکاری و پشتیوانی خەڵکی تەواوی ناوچەکەو دنیا هەیە...

★

## بەشێک لە بەرنامەی حزب "دنیایەکی باشتر!"

# خەباتی چینایەتی: پرۆلیتاریا و بۆرژوازی

بەڵام کۆمۆنیزمی کرێکاری دەستەی ڕیفۆرمخوازانی خۆشخەیاڵ و قارەمانانی تاسەی ڕزگاریی مرۆڤایەتی نییە. کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی ئەڵگۆ و گەڵاڵەیەکی دەرهاویشتەی مێشکی کۆمەڵێک حەکیمی خێرخواز نییە. کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەیەکە کە لە هەناوی خودی کۆمەڵگەی سەرمایەداری هاوچەرخەوە هەڵدەقوڵێ و ڕەنگدانەوەی ئاسۆ و ئامانج و نارەزایەتی بەشێکی گەورەی هەر ئەم کۆمەڵگەیەیە.

مێژووی تێکڕای کۆمەڵگەکانی تا ئێستا، مێژووی خەبات و کێشمەکێشی چینایەتیە. مشتومڕێکی بێوچان، تاوێک ئاشکراو تاوێک نهێنی لە نێوان چینە چەوسێنەر و چەوساوەکان، ستەمگەر و ستەمدیدەکان لە سەردەم و کۆمەڵگە جیاجیاکاندا هەمیشە لەئارادا بووە. ئەم مشتومڕە چینایەتیە سەرچاوەی سەرەکی ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاریە لە کۆمەڵگە.

بە پێچەوانەی کۆمەڵگەکانی پێشووەوە کە بەگشتی لەسەر بناغەی پلەبەندیەکی چینایەتی و تویژبەندیەکی ئاڵۆز دامەزرابوون، کۆمەڵگەی هاوچەرخی سەرمایەداری دابەشبوونی چینایەتی زۆر سادە کردۆتەوە. کۆمەڵگەی هاوچەرخ، سەرباری هەمەچەشنیی فراوانی پیشەکان و کاردابەشکردنێکی بەرین، بەشێوەیەکی گشتی لە دەوری دوو ئۆردوگای چینایەتی سەرەکی بنیاتنراوە کە بەرامبەر بە یەکتر ڕاوەستاون: کرێکاران و سەرمایەداران، پرۆلیتاریا و بۆرژوازی.

لە بنەرەتدا سەرچاوە و بنچینەی هەموو کێشمەکێشە ئابوری و سیاسی و حقوقی و فیکری و کەلتووریە جۆراوجۆرەکان لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا دەگەڕێتەوە بۆ ململانێی نێوان ئەم دوو ئۆردوگایە. نە تەنها ژیانی سیاسی و ئابووری کۆمەڵگە، بەڵکو تەنانەت ژیانی کەلتووری و فیکری و زانستیی ئینسانی ئەمڕۆش کە بە ڕواڵەت وەکو قەڵەمڕەوی سەربەخۆ و سەروچینایەتی دێنە بەرچاو، مۆری ئەم ڕیزبەندیە سەرەکیەی کۆمەڵگەی هاوچەرخی سەرمایەدارییان پێوەیە. ئۆردوی پرۆلیتاریا، ئۆردوی کرێکاران، لەگەڵ هەموو ئەو بیروباوەڕ و ئامانج و مەیل و حیزبە جۆراوجۆرانەی کە تیایدایە، نوێنەری گۆڕین یان باشکردنی ئەم نیزامەی ئێستایە بە قازانجی جەماوەری بێبەش و ستەمدیدەی کۆمەڵگە. ئۆردوی بۆرژوازیش، دیسانەوە بە هەموو ڕێباز و حیزبە سیاسی و بیرمەند و شەخسیەتە جۆراوجۆرەکانیەوە، خوازیاری پاراستنی کۆڵەکەکانی ئەم وەزعەی ئێستایە و لە بەرامبەر گوشاری ئازادیخوازی و یەکسانیخوازیی کرێکاریدا بەرگری لە نیزامی سەرمایەداری و دەسەڵات و ئیمتیازاتە ئابوری و سیاسیەکانی بۆرژوازی دەکات.

کۆمۆنیزمی کرێکاری لەم خەباتە چینایەتیەوە سەرچاوە دەگرێت. ڕیزێکە لە ئۆردوگای پرۆلیتاریا. کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکارە بۆ ژێرەوژوورکردنی نیزامی سەرمایەداری و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی نوێی بێ چین و چەوسانەوە.

---

گەورەی ئێرانیان تێدایە، لەناو سوپای عێراقی پاراستنی سنورەکان، ڕاستەوخۆ سیاسەتەکانی ئێران دژی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بەرنەپێشەوە، هەروەکو چۆن بنکەو ئۆردوگاکانی موجاهیدینی خەڵک لەلایەن میلیشیا عێراقەکانی سەر بە ئێران هەڵپێچران! هاوکات لەڕووی سیاسی و یاساییشەوە ئەوەندەی دیکە حکومەتی هەرێم پابەند دەکەنەوە بە حکومەتی ناوەندیەوەو ئەو پێگە سیاسی و یاساییەی کە دوای ساڵی ٢٠٠٣ بەدەستی هێنا، بەرەو کۆتایی بچێت، بەتایبەتی کە نەک تەنها سنورەکانی نێوان هەرێم و ئێران، بەڵکو سنورەکانی نێوان تورکیاو هەرێمیش لەلایەن سوپای عێراقەوە کۆنترۆڵ دەکرێ!

سەرەنجام ئەو دۆخەی کە دوای ساڵی ١٩٩١ و لەچوارچێوەی ستراتیژی سیاسی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەی کەنداودا بۆ کوردستانی عێراق و ئەحزابی سیاسی کوردایەتی هاتەپێشەوە و دەوڵەتانی ناوچەکە بەپێی ئەمری واقع ناچاربوون مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، خەریکە بەرەو کۆتایی خۆی دەڕوات. ئیتر دەوڵەتانی ئێران و تورکیا لەجیاتی حکومەتی هەرێم، کە پێکهاتەی هاوبەشی ئەتنیکی خەڵکەکەی لەگەڵ ناوچە کوردنشینەکانی ئێران و تورکیادا ڕێگای ئەوەی پێنادات بێ باجی سیاسی دژی ئەو هێزانە بوەستێتەوە لەبەرژەوەندی ئێران و تورکیا، لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی عێراقدا مامەڵە دەکەن لە پەیوەند هەموو پرس و مەسەلەکانی پەیوەند بە ئابوری و سیاسی و پرسی سنورەکان و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانیانەوە لەناو هەرێمی کوردستان!